بنچینەیەک بۆ فێربوونی

# دەرمانەکان و بەکارهێنانیان


ئامادەکردنی

اسماعیل سلێمان / پەرستار

محمد نبی حسن / ی. دەرمانساز

Ismail Sleman

07511108778

Muhammad Nabe



2018

"وانەی یەکەم"

# PHARMAOLOGY

## زانستی دەرمانزانی

**زانستێکە مامەڵە و لێکۆڵینەوە لەسەر دەرمان و مادە کیمیایەکان و کارلێکیان لەگەڵ سیستەمەکانی لەشدا دەکات.**

دەرمان : Drug

**مادەیەکە بەکاردێت بۆ(دیاریکردن..ڕێگری کردن..یان چارەسەر کردنی-نەخۆشیەکان).**

- **کاتێک دەرمانێک دەخورێت دوو جۆر کاریگەری هەیە.**

**یەکەم:: کاریگەری لەش لەسەر دەرمان کاریگەریەکانی لەش لەسەر دەرمان چوار قۆناغە.(لەش چی بەسەر دەرماندا دێنێت کاتێک دەخورێت)**

- **چوار قۆناغەکە لەجەستەدا ڕوودەدات لە دوای یەک**

**١-مژینی دەرمان : پاش ئەوەی دەرمان بەڕێگەیەک وەردەگیرێت (ڕێگەی دەم ، ژێر پێست ،ماسولکە،دەمار،سپڕا و بەخاخ... ) ئەم دەرمانە دەمژرێت لە ڕێگەی پەردەکانی خانەوە و دەچێتە ناو خوێن**

**٢-بڵاوبوونەوە : پاش مژرانی دەرمان بۆ ناو خوێن بڵاو دەبێتەوە و دەچێت بۆ ئەو شوێن و ئەندامەی کە ئیشی تێدا دەکات**

**٣-ناچالاک کردنی دەرمان : پاش ئەوەی دەرمان ئیشی خۆی تەواو دەکات لە جگەردا(بەزۆری) ئیشی دەرمانەکە ناهێلرێت کە ئەویش بە دوو پرۆسە ڕوودەدات.**

**٤-کردنەدەرەوەی دەرمان : پاش ناچالاک کردنی دەرمان و زیادکردنی توانەوەی لە ئاودا لەڕێگەی گورچیلەوە دەکرێتە دەرەوە لە میزدا ، ڕێگەی تریش هەیە بۆ کردنە دەرەوەی دەرمان وەک (ئارەق ، شیر ، پیسای،هەناسە.. )**

**دووەم::کاریگەری دەرمان لەسەر لەش کە ئەوەش پرۆسەی چارەسەریەکەیە(دەرمان چۆن نەخۆشیەکانمان چاک دەکاتەوە)**

بۆ فێربوون و شارەزا بوون لە دەرماندا یەکەم پێویستی زانین کۆمەڵەی ئەو دەرمانەیە(دەرمانەکە سەر بە کامە کۆمەڵە پۆلێن دەکرێت) بنچینەیەکی زۆرر گرنگە پێویستە بەباشی بیزانن،

- باوترین کۆمەڵەکان:

| | |
|---|---|
| 1. Antibiotic | دژە بەکتریاکان |
| 2. Analgesic | ئازار شکێنەکان |
| 3. Anti-pyretic | دەرمانەکان بۆ دابەزاندنی تای لەش |
| 4. Anti-viral | دەرمان دژی نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان |
| 5. Anti-fungal | دژە کەڕوو |
| 6. Anti-hyperlipidemia | کەمکردنەوەی چەوری خوێن |
| 7. Anti-Hypertensive | دەرمانەکان بۆ بەرزی فشاری خوێن |
| 8. Anti-platelet and Anti-coagulant | دەرمانەکانی دژی تۆپەڵ بوون و مەیینی خوێن |
| 9. Psychiatric Drugs | دەرمانە دەروونیەکان |
| 10. Nonsteroid anti-Inflammatory Drugs (NSAIDs ) | کۆمەڵەی ئازار و دژە هەوکردنێک هۆکارەکەی بەکتریا یا ڤایرۆس نەبێت |
| 11. Anti-diarrhea | دژە سکچوون |
| 12. Anti-emetic | دژە ڕشانەوە |
| 13. Anti-histamine | دژە حەساسیەت |
| 14. Anti-Neoplastic | دەرمانەکانی سەرەتان و شێرپەنجە |
| 15. Diabetes Mellitus drugs | دەرمانەکانی نەخۆشی شەکرە |
| 16. Proton Pump inhibitor (PPI) | دەرمانەکانی کەمکردنەوەی ترشێتی گەدە و کێشەکانی گەدە |
| 17. Antacids | دژە ترشێتییەکان |
| 18. Skeletal Muscle Relaxant | دەرمانەکانی خاوکردنەوی پەیکەرە ماسولکە و نەهێشتنی تەشەنوج |
| 19. Laxative | دەرمانە ڕەوانکەرەکان،قەبزی |
| 20. Hormonal Drugs | دەرمانی کێشە هۆڕمۆنیەکان |
| 21. Diuretics | دەرمانە میز پێکەرەکان |
| 22. Corticosteroid | بەکاردێن بۆ حەساسییەت و ڕۆماتیزمە و تەنگەنەفەسی |
| 23. Bronchodilators | فراوانکەری بۆڕیچکە هەواییەکان |
| 24. Anthelminitic | دەرمانی دژە کرمی ڕیخۆڵە |

"وانەی دووەم"

## Pain Medication , Analgesic , Pain Killer

### دەرمانە ئازار شکێنەکان

ئازار شکێنەکان بۆچی بەکاردێن:-
●ڕۆماتیزمە و ئازاری جومگە
●سەر ئێشە
●ئازار لە کاتی سوڕی مانگانە
●پشت ئێشە
●توش بوون بە ڕووداوێکی لەناکا و کتوپڕ
●دووای منداڵبوون
●دووای نەشتەرگەری
●ئازاری ددان
●هەر ئازارێکی تر
■ئازار شکێنەکان چۆن ئیش دەکەن؟
●ئازار شکێنەکان کار دەکەن لەسەر نەهێشتنی ئازار و نەناردنی نیشانە و ئاماژەکانی( ئازار )کەبۆ دەماخ دەچێت ،بۆ ئەوەی کەسەکە هەست بە ئازار نەکات لەڕێگەی ڕێگری کردن لەدروستبوونی ئەنزیمی cyclooxygenase-1,2 & COX-1,2
وە کەمکردنەوە وکپ کردنی ئەنزیمی پرۆستاگلاندین کە کەسەکە بەهۆیەوە هەست بە ئازار دەکات.

■دوو جۆر ئەنزیمی COXهەیە لە لەشدا:-
١. Cox-1
لە (گەدە،پەڕەکانی خوێن،گورچیلە) دا هەن.
٢. Cox-2
لە کاتی بەرهەم هاتنی ئەو جۆرەیاندا هەوکردن زیاد دەکات.

■ئازار شکێنەکان ئەگەر بە شێوەی حەب بدرێت( 30بۆ 60)خولەک دوواتر دەست دەکات بەئیش و کاریگەری دەر دەکەوێ بەڵام بەشێوەی دەرزی بدرێت خێرا تر کاریگەری دەردەکەوێ.

■دووکۆمەڵەی سەرەکی ئازارشکێنمان هەیە

1-Non narcotic analgesic

●Paracetamol

●NSAID(Non Steroidal anti-inflammatory Drugs)

که بۆ ئازارێکی کەم و مام ناوەند بەکاردێن

2- Narcotic analgesic

●Codeine

●Morphine

بۆ ئازارێکی زۆر بەهێز بەکاردێن بۆ نمونە دوای نەشتەرگەری

(Stronger analgesic)

■باوترین ئازار شکێنەکان .

| | |
|---|---|
| ●Mefenamic acid (Ponstan) | ●Meloxicam |
| ●Acetaminophen (Paracetamol) | ●Aspirin |
| ●Diclofenac (Voltarin) | ●Aceclofenac |
| ●Tramadol | ●Aminophenazone |
| (tramal) | ●DexKetoprofen |
| ●Ibuprofen | ●Flubiprofen |
| ● naproxen | ●Loxoprofen |

■زیانەکانی بەکارهێنانی ئازار شکێنەکان:-

●بۆ جگەر بە تایبەت زیاد بەکار هێنانی پاراسیتامۆڵ

● برینی گەدە بە تایبەت NSAIDةکان

●بۆ گورچیلە و پەستانی خوێن(لەوانەیە بەرزی بکاتەوە)

■ئازار شکێنە بەهێزەکان بەکارهێنەرەکەی خووی پێوە دەگرێت و لەکاتی بەکارهێنانی دڵ تێکچوون و ڕشانەوەی دەبێت وە زیانی دەبێت بۆ لەکار کەوتنی دڵ

"وانەی سێیەم"

## ■Non Steroidal Anti Inflammatory Drugs "NSAID"

■بەکارهێنان:-

١- لە کاتی نەخۆشیە ئیلتیهابیەکان بەڵام مەبەست لە ئیلتیهابی بەکتریا یا ڤایرۆس نیە بەڵکو ئیلتیهابی تر کە ڕوودەدات بەهۆی (ئەلێرجی-حەساسیەت و ڕۆماتیزمە و هێرشی سیستەمی بەگری لەش).

٢- لە نەخۆشە ڕۆماتیزمیەکان وەک Rheumatoid Arthritis (RA)

٣- نەخۆشی داخوڕانی ئێسک و صەوەفانی جومگەکان Osteoarthritis(OA)

٤- نەخۆشیەکانی پشت.

٥-شەقیقە migraine

٦-لەکاتی ئازار بۆ زۆربەی ئازارەکان.

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

■دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە.

●(Diclofenac) Voltarin ● Ponstan ●ibuprofen ●aspirin ●meloxicam ●indomethacin ●aminophenazone ●Peroxicam ●Aceclofenac ●Celecoxib ● Etodolac ●Naproxen

●●-جگە لەوبەکارهێنانانەی سەرەوە:-

●ئەسپرین aspirinئەنتی پلێتلێتە وەک دەرمانی دژی خوێن مەین بەکاردێ(خوێن کاڵ دەکاتەوە).

● پرۆفین ibuprofenبۆ دابەزاندنی پلەی گەرمی لەش (تا).

■چۆن کار دەکەن:-

ڕێگری دەکەن لە دروست بوونی ئەنزیمی Cyclooxygenaseکە بەرپرسە لە دروست بوونی پرۆستاگلاندین و ثرۆمبۆکسان(کە ئازار و هەوکردن دروست دەکەن).

■دوو جۆر ئەنزیمی COXهەیە لە لەشدا:-

١-COX-1

لە (گەدە،پەڕەکانی خوێن،گورچیلە) دا هەن.

٢-COX-2

لە کاتی بەرهەم هاتنی ئەو جۆرەیاندا هەوکردن زیاد دەکات.
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

■■دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەپێی ئیشکردنیان لەسەر ئەو دوو ئەنزیمە( COX-1&COX-2) دەبن بە دوو بەشەوە.

●**بەشی یەکەمیان:-**ئەو دەرمانانەن کە کار لەسەر ئەنزیمی( COX-2)دەکەن و ڕێگری لە دەردانی دەکەن،دەرمانەکانی ئەم بەشە کەمتر زیانیان بۆ گەدە هەیە،

دەرمانەکان وەکو:-

(Etodolac..Celecoxibe..meloxicam)

●**بەشی دووەمیان:-**ئەو دەرمانانە دەگرێتەوە کەکار لەسەر هەردوو ئەنزیمەکە دەکەن و ڕێگری لە دەردانیان دەکەن دەرمانەکانی ئەم بەشە زیان بە گەدە دەگەیەنن لەچاو بەشی یەکەم،دەرمانەکان وەکو:-

Aspirin..Diclofenac..Indomethacin..ponstan..profen..Naproxen

■کاریگەری لاوەکی:-

●برینی گەدە

●دڵ تێکەڵهاتن و ڕشانەوە و قەبزی....زیاتر

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

■بۆ کێ بەکار نایەن(زۆر گرنگە):-

●نەخۆشانی برینی گەدە((PUD

●حساسیەت بەو کۆمەڵە دەرمانە

●نەخۆشانی جگەر و گورچیلە

●بەرزی فشاری خوێن((sometime))

●ئافرەتی دوگیان و شیردەر

●تەنگە نەفەسی و ڕەبۆ.((sometime))

■■لە کاتی پێدانی یەکێک لەو دەرمانانەی ئەم کۆمەڵەیە پێویستە لە نەخۆش بپرسرێت کە هەر یەکە لە نەخۆشیەکانی(زەخت و برینی گەدە قورحەی هەیە یاخود نا)
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

"وانەی چوارەم"

## *Skeletal Muscle Relaxants*

**"دەرمانەکانی خاوکردنەوەی پەیکەرە ماسولکە و نەهێشتنی تەشەنوج"**

**■بەکارهێنان:**

**١-خاوکردنەوەی ماسولکەکانی(پشت، شان، مل، دەست..)**

**٢-نەهێشتنی تەشەنوج(پشت، شان، مل، دەست...)**

**٣-نەهێشتنی ئازاری ماسولکە**

**٤-خاوکردنەوەی گرژ بوونی ماسولکە**

**■گرنگترین دەرمانەکان:**

Norgesic (Orphenadrine+paracetamol)

| | |
|---|---|
| Baclofen | Methocarbamol |
| Chlorzoxazone | Cyclobenzaprine |
| Arbaclofen | Dantrolene |
| Diazepam | Carisoprodole |

**چۆن کار دەکەن :-**

Relive Local Skeletal Muscle Spasm.

**کاریگەری لاوەکی:-**

**١-وشک بوونی دەم**

**٢-دڵ تێکەڵهاتن**

**٣-تەڵخ بینین**

**٤-سەرگێژ بوون و سەر سوڕان**

**٥-دڵە کوتێ**

**■بۆ کێ بەکار نایەن :-**

**١-نەخۆشانی ئاوی ڕەشی چاو(گلاوکۆما)**

**٢-ئەوانەی کێشەکانی کۆئەندامی هەرسیان هەیە.**

**٣-بۆ تەمەنی خوار ١٢ساڵ باشترە بەکار نەیەت**

N.B\

Norgesic & Myogesic & Kanagesic

هەرسێکیان هەمان پێکهاتەی دەرمانییان تێدایە Paracetamol + Orphenadrine Citrate)

"وانەی پێنج "

# Migraine Drugs

## دەرمانەکانی شەقیقە

(تریپتانەکان)

selective serotonin receptor agonist

یان

Serotonin 5-HT-Receptor Agonist

**بەکارهێنان:-**

١- سەرئێشەی نیوەیی (شەقیقە)

**نیشانەکانی سەرئێشەی نیوەی (شەقیقە) چیە؟!**

- ئازار لە یەکێک لە لاکانی سەردا.
- ئازارێکی لێدەر یا ترپە..ترپ..
- حەساس بوون بە ڕووناکی حەزکردن بە تاریکی.
- هەستکردن بەهێڵنج یا ڕشانەوە.
- حەزکردن لەشوێنێکی هێمن و بێدەنگ و دوور کەوتنەوە لە ژاوە ژاوە و دەنگی بەرز.
- هەستکردن بە ڕشانەوە لە کاتی هەڵمژینی هەندێک بۆنی وەک: دووکەڵ، یا عەطردا

بەگشتی ئازاری شەقیقە لە (٤-٧٢) سەعات دەخایەنێت

نەخۆشانی لاسەرئێشەی نیوەی(شەقیقە)بەهەموو جۆرێک دەبێت خۆتان بپارێزن لەو چەند خاڵە.

Triggers of Migraine 👇

CHOCOLATE

→ C.....Chocolate

→ H.....Hangovers

→ O.....Orgasms

→ C.....Cheese/Caffeine

→ O.....Oral contraceptives

→ L......Lie_ins, flickering Light

→ A.....Alcohol

→ T......Travel

→ E.....Exercise.

#Oxford_10ed

Other Triggers.

→ Beta blockers(Atenolol) ●Amitriptyline

→ Sodium Valproate

→ Pizotifen

## گرنگترین دەرمانەکان:-

ZolmiTriptan
AlmoTriptan
SumaTriptan
NaraTriptan
FrovaTriptan
RizaTriptan
EleTriptan
AviTriptan

## کاریگەری لاوەکی:-

١-گەرم داهاتن
٢-سەرسوڕان
٣-دڵ تێکەڵ هاتن و ڕشانەوە
٤-شەکەتی و ماندووی و خەواڵووی

## چۆن مانەیجمێنت و کۆنترۆڵی سەرئێشەی نیوەی بکەین؟! چۆن ئامۆژگاری نەخۆش بکەین؟

١. لەکاتی تووشبونی نەخۆش بە سەرئێشەی نیوەی پێویستە پاڵکەوێت لەشوێنێکی تاریک و بێدەنگ و ئەگەر بتوانێت خەو چارەسەرێکی باشە،زۆر جوڵان و دەنگە دەنگ باش نییە و خراپتری دەکات.

٢. دەتوانێت حەبی ئیبوپرۆفین(٢٠٠م.گ یان ٤٠٠م.گ) یان(پاراسیتامۆڵ ١ گرامی) بەکاربێنێت و یاریدەدەرێکی باشە لە کەمکردنەوەی ئازارەکەی.

٣. پلاسیل(میتۆکلۆپرۆماید) دەتوانێت بەکاربێنێت بۆ دڵ تێکەڵهاتن و ڕشانەوەکەی و هەم ئازاری شەقیقەکەش سووک دەکات.

٤. سوماتریپتان وەکو دەرمانی ئیمێرجێنسی بەکاردێت لەشەقیقەی توند دا (پێویستە لەسەرەتا و دەستپێکی سەرئێشیەکە بەکاربێت نەک ماوەیەکی بەسەردا ڕۆشتبێت)بەشێوەی (سپرای لووت 25mg هەیە و بەشێوەی دەرزی ژێر پێستیش 6mg هەیە)

زۆر گرینگە کە بزانین کە SumaTriptan بۆ ئو چەند کەسە نابێت:-

→ ischaemic heart disease
→ peripheral vascular disease
→ pregnant
→ hemiplegic migraine
→ age over 65

"وانەی شەشەم"

# Antibiotics

دژە هەوکردنەکان

دژە بەکتریاکان ئەو بەرهەمە کیمیاییانەن کەکار دەکەن بۆ وەستاندن یاخود لەناوبردنی زیندەوەرە وردەکان.

## ■بەکارهێنان.

بەکاردێن بۆ ئەو هەوکردنانەی بەهۆی (بەکتریاوە )ڕوو دەدات (هەوکردنی لەوزەتێن، جیوبەکان، گوێ، چاو، بۆڕی هەناسە، گەدە، ڕیخۆڵە، سیەکان، پێست، ددان، گورچیلە، بۆڕی میز و میزەڕۆ....هەر هەوکردنێک هۆکارەکەی بەکتریا بێت.

چارەسەری ئەو هەوکردنانە ناکات کە بەهۆی (ڤایرۆسەوە) ڕوو دەدات بۆ نمونە نەخۆشییە؛هەڵامەتییەکان، پەتا وەرزییەکان

## ■چۆن کار دەکەن:-

١-لەڕێگەی کوشتنی بەکتریاکە
٢- ڕێگری کردن لە دروست کردنی دیواری خانەی بەکتریاکە
٣-ڕاوەستاندنی گەشەو زۆر بوونی بەکتریاکە.
٤-تێکشکاندنی دیواری خانەی بەکتریاکە.
٥-تێکشکاندنی پەردەی خانەی بەکتریاکە.
٦-ڕێگری کردن لە دروست کرنی ناوکە ترشی بەکتریاکە((DNA or RNA

هەندێک لە دژە بەکتریاکان پێیان دەوترێت narrow spectrumکە تەنها دەتوانن لەگەڵ بەکتریای Gram negativeبجەنگن، وە هەندێکی تر یان پێیان دەوترێت Broad spectrum کە لە توانایاندا هەیە کە لەدژی هەریەکە لە بەکتریای Gram positiveو Gram negative بجەنگن.

■بەپێی (کاریگەریان) لەسەر بەکتریاکان دژە بەکتریاکان پۆلێن دەکرێن بۆ دوو کۆمەڵە.
یەکەم:-بەکتریۆستاتیک/ئەو دژە بەکتریایانەی تەنیا گەشەی بەکتریاکە ڕادەگرێت.
دووەم:-بەکتریۆسیدەڵ/ئەو دژە بەکتریایانەی بەکتریاکە دەکوژێت

| | |
|---|---|
| Amoxicillin | Amoxiclave (Amoxicillin + Clavulanic acid) |
| Ampicillin | Ampiclox (Ampicillin + Cloxacillin) |
| Amikacin | Cephalexin (Keflex) |
| Cefixime (Suprax) | Tetracycline |
| Doxycycline | Gentamycin |
| Tobramycin | Azithromycin |
| Nitrofurantoin | Clarithromycin |
| Erythromycin | Clindamycin |
| Ciprofloxacin | Bactrim (Trimethoprim + Sulfamethoxazole) |
| Ceftriaxone | Metronidazole (Flagyl) |
| Levofloxacin | Procaine Penicillin (p.p) |

■پێویستە ماوەی بەکارهێنانی دژە هەوکردنەکان چەند ڕۆژ بێت(ئەوە زۆ زۆر گرنگە بە نەخۆش بگوترێت):-

●پێنج ڕۆژ: بۆ هەوکردنی خواروی قوڕگ و لوت و بۆڕیچکەکانی هەوا
●حەوت ڕۆژ:بۆ هەوکردنی گەدە و لەوزەتێنەکان
●دە ڕۆژ-بۆ دوو-هەفتە:بۆ هەوکردنی سییەکان و میزەڵدان و گرانەتا
●چەند مانگێک بۆ هەوکردنی ئێسک.

■لە کاتی پێدانی دژە بەکتریاکان بە نەخۆش زۆر گرنگە پێی بڵێیت بەپێی کات دەرمانەکەت بخۆ نەوەک(بەیانی..نیوەڕۆ..ئێوارە)

بە نمونە/

■Azithromycin 500mg Tab 1×1

هەمو ئێوارەیەک سەعات ٨ و لەهەمان کاتدا سبەی بیخواتەوە.

■Ciprofloxacin 500 mg or Suprax 400 mg 1×2 every 12 hours.

لە کاتی پێدانی ئەو دوو دەرمانە بە نەخۆش گرنگە پێی بڵێیت هەر دوازدە سەعاتە و دەنکێک بخوات(٨ی بەیانی و ٨ی ئێوارە دەنکێک)وە لەهەمان کاتدا سبەی بیخواتەوە.

■Amoxiclave 625 1×3

کاتەکەی بەو جۆرە بۆ دابەش بکە(٨ی بەیانی..٤ی عەسر..١٢ی شەو)

■Keflex capsule 500 mg or Nitrofurantoinn Capsule 50 mg 1×4 every 6 hours

کاتەکەی بەو جۆرە بۆ دابەش بکە(٦ی بەیانی..١٢ی نیوەڕۆ..٦ی ئێوارە..١٢ی شەو)

چەند گروپێکی ئەنتی_بایۆتیک هەیە:-

Antibiotic Groups.

یەکەم

## Sulfonamides

یەکێکە گروپەکانی دژەبەکتریا کە دروستکراوە لە گروپی کیمیای sulfonamideهەروەها ناسرون بە گروپی سەلفا ..sulfa

شێوازی کارکردنی

- دەرمانەکانی ئەم گرووپە بەکتریۆستاتیکە

کە ڕێگری دەکات لە بەرهەمهێنانی Folic acidکە گرنگی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ناوکەترشی بەکتریا.

دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە:-

Sulfadiazine

Sulfamethizole

Sulfamethoxazole

Sulfasalazine

Bactrim = Co- trimoxazole= ( trimethoprim-sulfamethoxazole)

زیانە لاوەکییەکان:

سەر گێژبوون (وڕی)

ڕشانەوە و دڵ تێکهەڵاتن

سکچوون

سەرئێشە

دووەم

## Penicillins

دەرمانەکانی  ئەو گرووپە ڕوبەڕووی زۆر بەی جۆرەکانی بەکتریا دەبنەوە وە  ڕێگری دەکەن لە دروستکردنی دیواری خانەی بەکتریاکان و دەیانکوژن Betcarioidal ن
هەروەها سەربەگروپێکی دەمانن کە ناسراوە بە  .β-lactam

نموونە ی دەرمانی ئەو گرووپە وەک

| | |
|---|---|
| **Penicillin G Procaine** | Cloxacillin |
| **Penicillin V** | Dicloxacillin |
| **methicillin** | Oxacillin |
| **naficillin** | Bacampicillin |
| **Amoxicillin (safe in pregnancy)** | Ampicillin |

بەکتریاکان ئەنزیمێکی بەتوانا بەرهەم دەهێنن کە دەتوانێت پەنسیلینەکان تێکبشکێنێت کەپێی دەوترێت Beta lactamase
چەند ماددەیەکی کیمیای بەکاردێن بۆ ڕێگری کردن لە پەیوەست بوونی ئەو ئەنزیمە بە پەنسلینەکانەوە وەک :

Clavulanic Acid

Tazobactam

Salbactam

ئەو مادده کیمیاییانە دەبەسترێن بە ئەنزیمی  β-lactamaseوە بەمەش ڕێگری دەکەن لە تێکشکاندنی پەنسیلینەکان.

نموونەی چەند دەرمانێک کە پێکهاتوون لە ماددەی ڕێگری لە ئەنزیمی  β-lactamase و پەنسیلینەکان :-

Ampicillin + Salbactam = Unasyn

Amoxicillin + Clavulanic acid = Augmentin, Amoxiclav, klamoks

Ticarcillin + Clavulanic Acid = Timentin

### بەکارهێنان

- بۆ کەسێک کە تووشی هەوکردنی لەوزەتێن بوبێت.
- بۆ هەوکردنی پێست
- بۆ کەسێک کە جیوبی هەبێت
- بۆ التهاب ی ڕێڕەوی میز
- بۆ ڕێگری کردن لە هەوکردنەدوای نەشتەرگەری.
- بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنی گوێ.
- بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنی بەشی سەرەوەی ڕێڕەوی هەناسە
- بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنی سییەکان.

### Common Side effect

دڵ تێکهەڵاتن ، ڕشانەوە، سکچوون ،ئازاری سک، کێشەی گورچیلە، حەساسییەت.

-پێویستە کە پەنسیلینەکان نەخورێن لەسەر گەدەی خاڵی

-وە نابێ لەگەڵ ترشەکان و شەربەت و کۆلا کاندا بخورن چونکە ڕەنگە ببنە هۆی تێکشکانی دەرمانەکان

سێیەم

## Cephalosporins

سیفالۆسلۆرینەکان

- کۆمەڵە بەرهەمێکن کە لە کەڕووی سیفالۆسپۆریۆمەوە دروستدەکرێن.

سیفالۆسپۆرینەکان لەڕووی شێوەو و کاری دەرمانسازییەوە بەنزیکەیی هەمان شێوازی کاری پەنسیلینەکانیان هەیە.

- بەکتریاکان دەکوژن Bactericidal
- Broad spectrumن واتا لەدژی بەکتریای G+ وG- دەجەنگن.
- ئەم گروبەش سەر بە گرووپی β-lactam ن

دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە چوار نەوەیان هەیە :

نەوەی یەکەم

**First** Generation

Cefadroxil Cephapirin

Cephalexin (keflex) Cephazolin

Cephradine Cephalothin

- کاریگەری باشیان هەیە لەسەر بەکتریای Gram positive
- کاریگەری کەمتریان هەیە لەسەر بەکتیای Gram negative
- بەنزیکەیی هەمان کاریگەری پەنسیلینەکانیان هەیە بەڵام کاریگەرییەکی باشتریان هەیە دژ بە بەکتریای Gram Negative
- بەکاردێن بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنی مام ناوەندی لەش.

نەوەی دووەم

**Second** Generation

Cefaclor Cefoxitin

Cefprazil Cefuroxime

- کاریگەری باشیان هەیە لەسەر بەکتریای Gram positive
- کاریگەری باشتریان هەیە لەسەر بەکتریای Gram Negative بەراوورد لەگەڵ نەوەی یەکەم.
- کاریگەرییان زیاددەکات بەبەراورد لەگەڵ نەوەی یەکەم

- بەکاردێن بۆ

بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنی لەوزەتێن لە منداڵان

بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنی ڕێڕەوی هەناسە

بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنی ڕێڕەوی میز

نەوەی سێیەم

## **Third** Generation

| | |
|---|---|
| Cefixime ( Suprax) | Ceftriaxone |
| Cefpodoxime | Ceftizoxime |
| Cefoperazone | Cefotaxime (Claforan) |

**کاریگەری زۆر باشیان هەیە دژ بە بەکتریای** Gram Negative

**کاریگەری کەمتریان هەیە دژ بە بەکتریای** Gram Positive

**کاریگەری باشیان هەیە لە سەر بەشێکی زۆر لە بەکتریاکان**

**ماوەی ئیشکردنیان زۆرە بەشێکیان** 1**جار یان** 2**جار**

**لەڕۆژێکدا دەدرێن**

نەوەی چوارەم

## **Fourth** Generation

Cefepime (maxipime)

**کاریگەری زۆر باشییان هەیە لەسەر هەردوو جۆری بەکتیای** Gram Positive**و** Gram Negative

**تێبینی : پێویستە وریابین کاتێک کەسێک هەستیاری بە پەنسلینەکان هەبێت ئەوە بە ئەگەرێکی زۆر هەستیاری بە سیفالۆسپۆرینەکانیش هەیە، چونکە هەردوو کۆمەڵەکە سەر بە گرووپی** β-lactam**ن.**

**هەمان کاریگەری لاوەکی پەنسیلینەکانیان هەیە.**

**بەکارهێنان**

| | |
|---|---|
| **بۆ پارێزی لە التیهاب دوای نەشتەرگەری** | **هەوکردنی ددان** |
| **هەوکردنی پێست** | **هەوکردنی میز و میزەرۆ** |
| **هەوکردنی لەوزەتێن هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە** | **هەوکردنی گوێی ناوەڕاست** |

Mechanism of action

Bacterial cell Wall Inhibitor

چوارەم

## Tetracyclines

Demeclocycline (dyclomycin)
Oxytetracycline
Tetracycline
Doxycycline (Doxydar, Vibramycin)
minocycline

- broad spectrum antibiotic
- Bacteriostatic - inhibit bacterial Growth

- ناچالاک دەکرێت بەهۆی بەستنی بە ئایۆنەکانی، Calcium Magnesium , Aluminium , وەZinc پێکهاتوویکی نەتواوە بەرهەمدێت.
- بەرهەمە شیرنەمەنی یەکان و ئاسن و Ironوا خوێیەکان دەبنە هۆی کەمبوونەوەی هەڵمژینی تێتراسایکلینەکان.

**چۆنیەتی کارکردنی**

ڕێگری دەکەن لە پڕۆتینی بەکتریاکان.

**تیبینی**

- پێویستە کە تێتراسایکلینەکان بەهیچ جۆرێک بەکار نەهێنرێن لەکاتی سکپڕی و هەروەها شیردانداا وە هەروەها لە منداڵی خوار 12ساڵ
- وە کەسێک کە هەستیاری پێی هەبێت.

**زیانە لاوەکییەکان**

- ڕوشانی کۆ ئەندامی هەرس و جگەر
- ژەهراوی بوونی جگەر
- هەستیاری پێست هەستیاری بە ڕوناکی
- ڕەنگە کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر ئێسک.
- تێکدانی ڕەنگی ددان

**بەکارهێنان**

- هەوکردنی ددان
- بۆ چارەسەرکردنی حەساسیەتی پێست
- تای ماڵتا Brucellosis
- بۆ چارەسەرکردنی زیپکە
- بۆ چارەسەرکردنی کۆلێرا

تێتراسایکلین ماوەی ئیشکرنەکەی کەمە بەڵام دۆکسی سایکلین ماوەی ئیشکردنەکەی زۆرە کە لە تێتراوە گەشەی پێدراوە.

پێنجەم

## Aminoglycosides

Gentamycin (Garamycin)
Kanamycin
Neomycin
Streptomycin
Tobramycin
Amikacin
Netilmicin

-Bactericidal antibiotics

- بەشێوەی دەمی بەکارنایەت چونکە لە گەدەدا ناتوێتەوە هەربۆیە بەشێوەی IVو IM بەکاردێن.

-لەگەڵ زۆرێک لە بەکتریا Gram Negativeەکان دەجەنگن واتا Narrow spectrumە بەتایبەت بەکتریای Aerobicهەوایی.

**زیانە لاوەکییەکان**

کێشە بۆ نیفرۆنەکانی گورچیلە دروست دەکەن

کێشە بۆ پێست دروست دەکەن،

دروست بوونی حەساسیەت

ڕەقبوونی ماسولکە

**نابێ بدرێ بە**

کەسێک کێشەی گورچیلەی هەبێت

کەسێک کێشەی بیستن ی هەبێت

کەسێک حەساسیەتی بە یەکێک لەدەرمانی ئەو گرووپە هەبێت.

کەسێک کە نەخۆشی بەرگری دژە خۆیی هەبێت.

**شێوازی کارکردن**

ناهێڵێت پرۆتینی بەکتریاکە درووست ببێت بۆیە بەکتریاکان دەکوژێت.

تێبینی هەندێک دەرمانی ئەن گروپە هەتە کەلەڕێگەی دەمەوە دەدرێن وەک Neomycinو Kanamycin

**بەکارهێنان**

نەخۆشی کۆئەندامی هەناسەدان

هەوکردنی میز و میزەڕۆ

هەوکردنی پێست

هەوکردنێک بەهۆی بەکتیای Gram Negativeەوە بێت

هەوکردنی پەردەی مێشک

شەشەم

Fluoroquinolones

Quinolones

| | |
|---|---|
| Nalidixic acid | Ciprofloxacin (Ciprodar) |
| Enoxacin | levofloxacin |
| Norfloxacin | Ofloxacin |

- Broad spectrum antibiotic
- Bactericidal

دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ بەشێکی زۆری بەکتریاکان دەجەنگن.

## بەکارهێنان

هەوکردنی گوێی ناوەڕاست

هەوکردنی میز

هەوکردنی پرۆستات

هەوکردنی ڕێڕەوی میز

هەوکردنی گوێ

نەخۆشی گرانەتا و مەلاریا

نەخۆشی ئەنتراکس کە بەهۆی بەکتریاوە توشی ئاژەڵ و دەدەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ.

## شێوازی کارکردن

گۆڕان لە DNAی بەکتریاکە دەکات و دەبێتە هۆی کوشتنی بەکتریاکە.

و کار لە DNAمرۆڤ ناکات

## کاریگەری لاوەکی

سەرگێژبوون و دڵ تێکهەڵاتن و سکچوون و سەرئێشە

دروست بوونی بەرد لە ڕێڕەوی میز و میزەڕۆ دا وە هەستیاری

**بەکار نایەت بۆ**

**بۆ ئافرەتی دووگیان**

**وە کەسێک کە گورچیلەی باش کار نەکات**

**بۆ منداڵی خوار 18ساڵ**

**بۆکەسێک کە فێی هەبێت.**

**تێبینی دەرمانەکانی ئەم گرووپە پێویستە لەگەڵ Antacidەکان نەدرێن چونکە ڕێگری دەکەن لە هەڵمژینی**

**وە نابێ لەگەڵ theophyllineبدرێن چونکە کارلێک دەکەن.**

**حەوتەم**

## Macrolides

Erythromycin

Azithromycin

Clarithromycin

Telithromycin

- Mechanism of action
- protein synthesis inhibitor
- **ڕێگری دەکەن لە دروستکردنی پرۆتینی بەکتریاکە**
- **دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە بۆ هەندێک لە بەکتریاکان Bactericidal و بۆ هەەندێکی تریان بەکتریۆستاتیکن .**
- broad spectrum antibiotic

**بەکارهێنان**

- هەوکردنی پێست
- زیپکە( Erythromycin Gel)
- هەوکردنی سەرسنگ
- هەوکردنی زۆری لەوزەتێن
- سکچوون بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە بەهۆی سەرفەرەوە توشی سکجوون ببن
- بۆ تای مەلاریا بەهۆی سالمۆنێلا بەتایبەت Azithromycin
- بۆ التیهاب ی ڕێڕەوی هەناسە

**کاریگەری لاوەکی**

- سکچوون
- ڕشانەوە هەستیاری
- نابێ بدرێت بەکەسێک کە کێشەی جگەری هەبێت وە کەسێک کە هەستیاری بە یەکێک لەدەرمانەکانی ئەو گرووپە هەبێت

**تێبینی**

ڕەنگە کارلێک لەگەڵ Antacid, Vasodilator, theophylline بکات بۆیە باشترە بەکار نەیەت لەگەڵ یان.

"وانەی حەوتەم"

# Anti-Fungal Drug

## دەرمانە دژە کەڕووەکان

■بەکارهێنان:-
١-لەناوبردنی کەڕووەکان
٢-نەخۆشیە پەیوەندیدارەکان بە کەڕووەوە
٣-نەخۆشییە کەڕووییەکانی پەیوەندیدار بە خانمانەوە.
٤-لەناوبردنی کەڕووی ڕیخۆڵە
٥-کەڕووی ناو دەم(فطريات)

گرنگترین دەرمانەکان:-

- Nystatin
- Fluconazole
- Clotrimazole
- Miconazole
- Ketoconazole

چۆن کار دەکەن:-

Nystatin/Binds to sterols in Fungal Cell membrane,Alltering Permeability and this causing Cellular content to leak.

Fluconazole/inhibit of fungal cytochrome P-450

کاریگەری لاوەکی:-
١-سەرێشە
٢-دڵ تێکەڵ هاتن و ڕشانەوە
٣-ئازاری ناوسک و سکچوون
٤-ئازاری گەدە.

تکایە !! دەرمانەکانی دژە بەکتریا مەدەن بە مەسێک کە تووشی التهاب بووە بەهۆی کەڕووەکانەوە ب نموونە ( فترپاتی ناودەم ) تا هۆکارەکەی نەزانرێت دەرمان مەدەن .
بەزۆری التهاب بەهۆی کەڕووەکانەوە لەم شوێنانە ڕوودەدات :
(ناودەم ، زمان ، نێوان پەنجەکان ) کە توێژاڵێکی سپی لەسەر شوێنەکە دروست دەبێت.

"وانەی هەشتەم"

# Anti-Viral Drugs

## دەرمانەکانی دژی نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان

هەموو ئەو دەرمانانە دەگرێتەوە کە بۆ نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان و کوشتن و لەناوبردنی ڤایرۆسی جەستە بەکاردێن.

بەکارهێنان:-
١-تامیسک
٢.نەخۆشی ئاوڵە و خوریکە

■گرنگترین دەرمانەکان:-

Acyclovir
Valacicylovir
Famciclovir
Foscarnet
Valganciclovir

**چۆن کار دەکەن:-**

دەبەسترێن بە DNA ڤایرۆسەکەوە و ڕێگری دەکەن لە دووهێندە بوونی.

**کاریگەری لاوەکی:-**

١-دڵ تێکەڵهاتن و ڕشانەوە
٢-سەرئێشە
٣-تا
٤-کەمخوێنی
٥-شەکەتی و ماندووی
٦-تێکچوونی میزاج

**مەرج نیە هەموو کاریگەریە لاوەکیەکان لە نەخۆشدا دەربکەوێت**

"وانەی نۆیەم"

# *Anthelminitics*

## دەرمانەکانی دژە-کرم

**بەکار هێنان:-**

**١-لەناوبردن و کوشتنی کرمی ڕیخۆڵە و کۆئەندامی هەرس.**

**٢-هەندێک جار مشەخۆرەکانیش لە ناو دەبەن.**

**■گرنگترین دەرمانەکان:-**

- ❖ Albendazole
- ❖ Mebendazole
- ❖ Praziquantel
- ❖ Ivermectin

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

**■دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە چۆن کاردەکەن وکرمەکان لە ناو دەبەن؟(بیزانن)**

●Block glucose Uptake, Inhibit formation Helminth Microtubules in Susceptible Adult Intestine-Dwelling Helminths

**کاریگەری لاوەکی ئەم کۆمەڵە دەرمانە چیە:-**

**١-تا لێهاتن**

**٢-گێژ بوون و سەرسوڕان**

**٣-سەرئێشە**

**٤-خەواڵووی**

**٥-دڵ تێکەڵ هاتن ڕشانەوە**

**□شەرت نیە هەموو کاریگەریە لاوەکیەکان لە نەخۆشدا دەربکەوێت.**

**گرنگترین ئەو کرمانەی کە بەهۆی ئەم کۆمەڵە دەرمانەوە دەمرن**

●PinWorm

●RoundWorm (Ascaris)

●WhipWorm

●HookWorm

●Giardia Duodenalis

**نیشانەکانی بوونی کرمی ڕیخۆڵە کامانەن؟**
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

١- بێهێزی و ماندوبون
٢-خوران لە کۆم و دەوروبەری.
٣- ئازاری سک.
٤- نەمانی اشتها، زوو برسی بوون
٥-دابەزینی کێشی لەش.
٦-دڵ تێکەڵ هاتن و ڕشانەوە
٧-بینینی کرم لە کاتی پیسای کردن

**کارلێکی دەرمانی هەیە لە نێوان(مێبیندازۆڵ x فلاجیل ) ناکرێت و گونجاو نیە بەیەکەوە وەربگیرێن**

**خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن !چۆن خۆمان بپارێزین؟!**

١-شوشتنی دەست(تا ٢٠سانیە بە سابون) دوای سەر ئاو کردن.
٢-جوان شوشتنەوەی سەوزە و میوە بە (پەرمەنگەنات)
٣-دەست شوشتن(بۆ ماوەی ٢٠ سانیە بە سابوون) پێش هەموو نان خواردنێک.
٤-ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی خێزان توشی کرم بوو پێویستە تەواویٔ ئەندامانی خێزان دەرمانی دژە کرم وەربگرن.

**باشترین کات بۆ خواردنی یەکێک لە دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە (بەیانیانە یەک سەعات پێش خواردنی نانی بەیانی)**

"وانەی دەیەم"

## *Anti-Hypertensive Drugs*

■دەرمانەکانی زەخت دابەش دەکرێن بۆ چەند کۆمەڵەیەک هەر کۆمەڵەیە و بە جیا باس دەکەین.

### ١. بێتا بلۆککەرەکان — βeta blockers

■کۆمەڵە دەرمانێکن لەسەر وەرگری بێتا کار دەکەن.

■وەرگری بێتا چەند جۆری هەیە و لە کوێدا هەن؟

●سێ جۆری هەیە و لە ماسولکەکانی دڵ و لوسە ماسولکەکان و بۆڕیەکانی هەواو و گورچیلەدا هەن وە هەندێکیان لە شانەکانی CNSدا هەن.

β1: in Heart.

β2: Lung, GIT, Liver, Uterus, S.M

β3: Fat cell.

■بێتا بلوککەرەکان بۆچی بەکاردێن:-

●ئازاری سنگ((Angina Pectoris))

●بەرزی فشاری خوێن((HTN))

●نارێکی لێدانی دڵ

●لەرزینی گوێچکەلە((AF))

●لەرزینی جەستە

●ئاوی ڕەشی چاو،زەختی چاو گلاوکۆما

●شەقیقە.

■چۆن کار دەکەن:-

بێتا بلۆکەرەکان ئیشی هەردوو(ئیپینیفرین و نۆرئیپینیفرین) یا( ئەدرینالین و نۆر ئەدرینالین) بلۆک دەکەن.

■کاریگەری لاوەکی:-

[گرژبوونی بۆڕیەکانی هەوا،گران هەناسە دان،ساردبوونی پەلەکان،کەمبوونەوەی لێدانی دڵ

■نمونەی ئەم کۆمەڵە دەرمانە:-

1~Nonselective agents:-

●Allopurinol
●Bucindolol
●Carteolol
●Carvedilol
●Labetalol
●Nadolol
●Oxprenolol
●Penbutolol
●Pindolol
●Propranolol
●Sotalol
●Timolol

2~ β1-selective agents:-

Also known as cardioselective
●Acebutolol
●Atenolol
●Betaxolol
●Bisoprolol
●Celiprolol
●Esmolol
●Metoprolol
●Nebivolol

T.$B_1$/بێتا بلۆکەرەکان بۆڕیەکانی خوێن تەسک دەکەنەوە بۆیە بۆ ئەو کەسانە بەکار نایەت کە نەخۆشی ڕەبۆ تەنگە نەفەسی و گران هەناسەدانیان هەیە.

T.$B_2$قدەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە نیشانەکانی نەخۆشی شەکرە دەشارنەوە (Hide, Mask D.M symptom)
بۆیە بۆ ئەو کەسان نابێت بەکاربێت کەنەخۆشی شەکرەیان هەیە.

T.$B_3$/بەیانیان کاتێکی باشە بۆ بەکارهێنانی ئەو کۆ مەڵە دەرمانە.

"وانەی یازدەم"

## ■Anti-Hypertensive Drugs

■دەرمانەکانی زەخت دابەش دەکرێن بۆ چەند کۆمەڵەیەک هەر کۆمەڵەیە و بە جیا باس دەکەین(ئەوە دووەم کۆمەڵەیە).

## 2-Calcium Channel Blockers(CCB):

بلۆککەرەکانی کەناڵی کالسیۆم

■بەکارهێنان:-

●بەرزی فشاری خوێن

●کەمکردنەوەی داواکردنی ئۆکسجین لەلایەن ماسولکەکانی دڵ.

●کەمکردنەوەی گرژبوونی کۆرۆنەری ئارتری و فراوان کردنی .

●ئازاری سنگ زەبحەی سەدری(ئەنجاینا)

■چۆن کار دەکەن؟

●ڕێگری لە گواستنەوەی کالسیۆم بۆ ماسولکەکانی دڵ و لوسە ماسولکەکان.

●فراوانکردنی خوێنبەرۆکە و کەمکردنەوەی(Afterload).

●کەمکردنەوەی گرژبوونی دڵ

●کەمکردنەوەی کارەبای (SA Node &AV Node).

●کەمکردنەوەی زەخت لە گوێچکەلەکان

■گرنگترین دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە:-

■Dihydropyridine :-

●Nifedipine

●Amlodipin

●Nimodipine

■Benzothiazepine :- Diltiazem

■Phenylalkylamine :- Verapamil

■کاریگەری لاوەکی:-

●دابەزینی زەخت لە کاتی هەستانە سەرپێ

●کەملێدانی دڵ....هەندێک جار دەبێتە هۆی زۆر لێدانی دڵ بەزۆری ئەمە لەگەڵ بەکارهێنانی( نیفیدیپاین )ڕوودەدات

●ئاوسان،قەبزی،سەریەشە.

●دابەزینی زەخت.

■بۆ کێ بەکارنایەت:-

●دابەزینی فشاری خوێن

●AV heart Block

●CHF

■Drug Interaction:-

●Intravenous verapamil can cause circulatory collapse in patients treated concomitantly with β-adrenoceptor antagonists.

 هیچ کەسێک بۆی نیە بەبێ پرسی (دکتۆری پسپۆڕ لەو بوارەدا) ئەو دەرمانانە لە خۆیەوە بەکاربێنێت

"وانەی دوازدەم"

## *3-ACE-I(Angiotension Converting Enzyme-Inhibitor)*

دەرمانە ڕێگرەکان لە گۆڕینی ئەنزیمی ئەنجیۆتێنسین

■بەکارهێنان:-

●زەخت و بەرزی فشاری خوێن.

●یارمەتیدەری چارەسەریCHF

●کەمکردنەوەی مەترسی توشبوون بە جەڵتەی دڵ.

●ڕێگری لەکارکەوتنی گورچیلە لە کاتی توشبون بە بە نەخۆشی شەکرەی دووەمی.

■چۆن کاردەکەن:-

●ڕێگری لەکارلێکی نێوان (ئەنجیۆتێنسین ١ و ڕێنین ) وە ڕێگری لە دروستبوونی ئەنجیێۆتێنسین٢ لە ئەنجامدا تەسکبوونەوەی دەماری ڕوونادات و زەخت بەرز نابێتەوە.

●●بەرهەمهێنانی ئەڵدۆستیرۆن کەمدەکەنەوە ..زەخت دادەبەزێ.

■گرنگترین دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە:-

●Captopril ●Ramipril ●Enalapril
●Lisinopril ●trandolapril
●Moexipril ●Zofenopril

■کاریگەری لاوەکی:-

●بەرزکردنەوەی ئاستی پۆتاسیۆم لە لەشدا

●کۆکەی تەڕ، سەرئێشە، سەرسوڕان

■بۆ کێ بەکارنایەت:-

●کەسێک زەختی زۆر دابەزیبێت

●حساسیەت بەو کۆمەڵە

●تەسکبوونەوەی هەردو لای خوێنبەری گورچیلە

●دووگیان

●دابەزینی پۆتاسیۆمی لەش.

●تەسکبوونەوەی شاخوێنبەر و زمانەی Mitralی دڵ.

■لەگەڵ چی کارلێک دەکەن:-

■■ NSAID: Decrease the vasodilator effect.

■■Potassium-sparing diuretics, potassium supplement: Exacerbate the hyperkalamia.

■■diuretics: Increase sensitivity to the vasodilator effect of ACE-I.

هیچ کەسێک بۆی نیە بەبێ پرسی(دکتۆری پسپۆڕ لەو بوارەدا) ئەو دەرمانانە لە خۆیەوە بەکاربێنێت.

"وانەی سێزدەم"

## 4-Angiotensin II Receptor blockers

دەرمانە بلۆککەرەکانی ئەنجیۆتێنسینی دووەم

■بەکارهێنان:-

١-بەرزی فشاری خوێن(زەخت)

٢-پەککەوتنی دڵ((HF

٣-ڕێگری کردن لە شەقیقە بە تایبەت(کاندیسارتان)

■دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە چۆن ئیش دەکەن:-

ڕێگری دەکەن لە گۆڕانی ئەنجیۆتێنسینی یەک بۆ ئەنجیۆتێنسینی دوو و ڕێگری لە چالاک بوونی دەکەن کە ئەگەر هاتوو ئەنجۆتێنسینی دوو بەرهەم بێت لە ئەنجامدا زەخت بەرز دەبێتەوە، وەهەروەها دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەرهەم هێنانی ئەڵدۆستیرۆن کەم دەکەنەوە

■باوترین دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە:-

| | | | |
|---|---|---|---|
| ●Losartan | ●Olmesartan | ●Tasosartan | ●Eprosartan |
| ●Irbesartan | ●Telmisartan | ●Valsartan | ●Candisartan |
| ●Azilasartan | | | |

■کاریگەری لاوەکی:-

١-گێژ بوون و سەرسوڕان

٢-سەرئێشە

٣-کۆکەی وشک و ئیلتهابی قوڕگ

٤-شەکەتی و ماندووی

٥-سکچون

٦-بەرزبوونەوەی ئاستی پۆتاسیۆمی لەش.

+ مەرج نیە هەموو کاریگەریە لاوەکیەکان لە نەخۆشدا دەربکەوێت

+ هیچ کەسێک بۆی نیە بەبێ پرسی(دکتۆری پسپۆڕ لەو بوارەدا) ئەو دەرمانانە لە خۆیەوە بەکاربێنێت

"وانەی چواردەم"

دەرمانە میزپێکەرەکان دابەش دەبن بەسەر دوو کۆمەڵە(لووپ دایورێتیک، لەگەڵ ثایازاید دایورێتیک) بە دوو کۆمەڵە باسیان دەکەین.

یەکەم

## THIAZIDE DIURETIC

ثایازاید دایورێتیک

**بەکارهێنان:-**

- بەرزی فشاری خوێن
- کۆکردنەوەو دەرکردنی شلەی لەش لەکاتی ئاوساوی.

**گرنگترین دەرمانەکان:-**

●Metolazone ●Hydrocholorthiazide ●Chlorthalidone ●Chlorothiazide

**چۆنیەتی ئیش کردن:-**

میز پێکردن بە نەخۆش زیاد دەکەن لە ڕێگەی ڕێگری لە دووبارە مژینەوەی (سۆدیۆم، کلۆراید، ئاو)

**بۆ کێ بەکار نایەن:-**

- ئەوانەی زەختیان نزمە
- ناڕێکی لە ئەلیکترۆلایتی لەش
- دووگیان و شیردەر
- نەخۆشی Gout
- ئەوانەی حساسیەتیان بە مادەی سەڵفەر هەیە
- پەککەوتنی گورچیلە
- دابەزینی شلەی لەش

**■کاریگەری لاوەکی:-**

- دابەزینی سۆدیۆم و پۆتاسیۆمی لەش
- بەرزبوونەوەی کالسیۆم و چەوری لەش.
- ناڕێک لێدانی دڵ.
- دابەزینی زەخت و سەرسوڕان
- وشک بوونەوەو حساسیە بۆ ڕووناکی.

**چۆن چارەسەری زیاد بەکارهێنانی دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە بکەین؟!**

نەخۆشێک زیاد لە دۆسی ئاسای دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیەی بەکارهێناوە پێویستە چی بۆ بکرێت؟!

یەکەم/کانولە+نۆرماڵ سەلاین ی بۆ هەڵواسە وەکو جێگرەوەیک بۆ ئەو شلە و ئەلیکترۆلایتەی لەدەستی داوە

دووەم/دۆپامین یان نۆر ئیپینفرین ئەگەر هاتوو زەختی دابەزی بوو(داخلی مغەزیەکەی نەکەی )

"وانەی پازدەم"

## دەرمانە میزپێکەرەکان کۆمەڵەی دووەم

## (لووپ دایورێتیک)

# Loop Diuretics

**بەکارهێنان:-**

١-بەرزی فشاری خوێن

٢-ئاوساوی بەهۆی(پەککەوتنی دڵ..نەخۆشیەکانی جگەر..نیفرۆتیک سیندرەم)

٣-کۆبوونەوەی ئاو لەسیەکاندا.

**گرنگترین دەرمانەکان:-**

- Furosemide (Lasix)
- Torsemide (DemaDex)
- Bumetanide (Burinex)

**کاریگەری لاوەکی:-**

١-دابەزینی ئاستی پۆتاسیۆمی لەش

٢-سەرسوڕان

٣-تێکچوونی ئاستی شەکری خوێن

٤-سەرئێشە

کارلێکی دەرمانی هەیە لەنێوان(لازکس لەگەڵ هەر یەکە لە جێنتامایسین و ئەمیکاسین )نابێت بەیەکەوە بەکاربێن.

**چۆن چارەسەری زیاد بەکارهێنانی دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە بکەین؟!**

نەخۆشێک زیاد لە دۆسی ئاسای دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیەی بەکارهێناوە پێویستە چی بۆ بکرێت؟!

یەکەم/کانولە+نۆرماڵ سەلاین یان گلوکۆز سەلاین ی بۆ هەڵواسە وەکو جێگرەوەیک بۆ ئەو شلە و ئەلیکترۆلایتەی لەدەستی داوە

دووەم/دۆپامین یان نۆر ئیپینفرین ئەگەر هاتوو زەختی دابەزی بوو "وانەی دوازدەم"

"وانەی شازدەم"

## *Anti-Hyperlipidemic Drugs*

دەرمانەکانی کەمکردنەوەی چەوری خوێن و ڕێگری کردن لەبەرزبوونەوەی

■دەرمانەکانی دژەی چەوری خوێن بە گشتی دابەش دەبن بۆ سەر " سێ "کۆمەڵە.

کۆمەڵەی یەکەم:-

1-HMG-CoA reductase or statinas

ستاتینەکان.

■بەکارهێنان:-

١- کەمکردنەوەی چەوری ناو خوێن ((LDL))

■چۆن کار دەکەن:-

ڕێگری دەکەن لە ئەنزیمی ((HMG-CoA

گرنگترین دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵە:-

| | | | |
|---|---|---|---|
| ●Atorvastatin | ●Simvastatin | ●Pitavastatin | ●Rosuvastatin |
| ●Pravastatin | ●Lovastatin | ●Fluvastatin | ●Cerivastatin |

T.B/1

ستاتینەکان بە گشتی و (سیمڤاستاتین) بە تایبەتی وا باشترە لە شەواندا بخورێت بەوجۆرە زیاتر (کۆلیسترۆڵ و چەوری دادەبەزێنن)

T.B/2

هەندێک جار ستاتینەکان بۆ نەخۆشانێک دەنوسرێن کە چەوری خوێنیان بەرز نیە،ئەوەش زۆر ئاساییە بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە تووشبوون بە نەخۆشیەکانی دڵ و کەمکردنەوەی مەترسی نەخۆشیەکانی دڵ.

reducing the cardiovascular events.

■کۆمەڵەی دووەم:-

فایبرەیتەکانFibrates:

■بەکار هێنان:-

١-کەمکردنەوەی ئاستی چەوری تراگلسراید(TG) (Triglyceride)

■گرنگترین دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵە:-

- ●Fenofinrate
- ●Gemfebrizole
- ●Bezafibrate

T.B

کارلێکی دەرمانی زۆۆر بەهێز هەیە لە نێوان ستاتینەکان و فایبرەیتەکان، کە ئەگەری هەیە نەخۆش توشی ئازارێکی زۆری ماسولکە بکات((Myopathy

کۆمەڵەی سێیەم:-

ئۆمێگا ٣ Omega-3,Maxepa,fish oil
(DHA,EPA)

ئەم کۆمەڵە زیاتر ئاستی چەوری(ترایگلسراید )کەم دەکەنەوە

ئەوەی کە گرنگە بیزانین لەو کۆمەڵەیە ئەوەیە کارلێک هەیە لە نێوان(ئۆمێگا-٣ و حەبی ئەسپرین-دا )بۆیە پێویستە بە وریایەوە بەکاربێت و ئەگەری خوێن بەربوونی هەیە.

سودم لە تێبینیەکانی دکتۆری دەرمانساز/(د.سەنگەر سەردار سامی) وەرگرتووە بۆ نوسینی ئەو بابەتە.

"وانەی حەڤدەم "

## Diabetes Mellitus Drugs

### دەرمانەکانی نەخۆشی شەکرە

سەرەتا پێویستە بزانین نەخۆشی شەکرە چیە و چۆن ڕوودەدات؟

شەکرە نەخۆشییەکە کە تێیدا جەستە ناتوانێ وەک پێویست هۆرمۆنی ئەنسۆلین دروست بکات، یان دروستی دەکات، بەڵام ناتوانێ وەک پێویست سوودی لێ وەربگرێت و لە هەندێک حاڵەتیشدا هەمان کەس هەردوو گرفتەکەی هەیە.

ئەنسۆلین وادەکات شەکر لە خوێنەوە جووڵەی پێبکرێت بۆ ناو خانەکانی لەش و لەوێدا وەک سەرچاوەیەکی وزە سوودی لێ وەربگیرێت.

ئەو کەسانەی شەکرەیان هەیە، بڕی ئەو شەکرەی لە خوێنیاندا کۆبووەتەوە زۆرترە لە ڕێژەی ئاسایی کە (٦٠بۆ ١٢٠)ە ئەو بەرزبوونەوەیەی شەکری خوێن ئەگەر چارە نەکرێ زیان لە ئەندامەکانی جەستە دەدات.

دوو جۆری سەرەکی نەخۆشی شەکرە هەیە:-

### شەکرەی جۆری یەکەم: Type-1 Diabetes Mellitus:

تووشبووانی شەکرەی جۆری یەک زیاتر منداڵان و گەنجانن و بەهیچ جۆرێک ئەنسۆلین لە پەنکریاسەوە دەرنادەن، چونکە خانەکانی دەردانی ئەنسۆلین لە پەنکریاسیاندا بەتەواوی لەنێوچوون بەهۆی هێرشی کۆئەندامی بەرگری بۆ سەر ئەو خانانە.

گرنگترین نیشانەکانی شەکرەی جۆری-١:-
(زۆر میزکردن -زۆر تینو بون- زۆر خواردن و زۆر ئاوخواردنەوە - کەمبوونی کێش- ماندوبون )

## شەکرەی جۆری دووەم: **Type-2 Diabetes Mellitus :**

بەڵام شەکرەی جۆری دوو، زۆرتر پەیوەندی بە قەڵەوی و هۆکاری بۆماوەیی هەیە و تێیدا تووشبووان ئەنسۆلینیان هەیە، بەڵام یان بڕەکەی کەمە یان خانەکانی جەستەیان وەک پێویست وەڵامی کاری ئەنسۆلینی جەستەیان ناداتەوە. نزیکەی %95ی تووشبووانی شەکرە، شەکرەی جۆری دووەمییان هەیە.

□●گرنگترین نیشانەکانی نەخۆشی شەکرەی جۆری-٢:-
( زۆر تینو بون،زۆر ئاو خواردنەوە زۆرخواردن ، زۆر میزکردن، کەمبونی کێش ، لاوازی بینین - درەنگ چاک بوونەوەی برین )

●ئەوانەی شەکرەی جۆری یەکیان هەیە، دەبێ ماددەی ئەنسۆلین وەربگرن کە ئێستا بە زۆری بەشێوەی دەرزی هەیە.

●تووشبووانی شەکرەی جۆری دوو بە وەرزش و ڕێجیم یارمەتی ڕێکخستنی شەکری خوێنیان دەدەن، دەرمانەکانیشیان بەزۆری بەشێوەی حەب هەن و چەندین جۆریان هەیە

نەخۆشی شەکرە چۆن دەستنیشان دەکرێت:-

کاتێک بڕیار دەدرێت کە ئەو کەسە نەخۆشی شەکرەی هەیە کە بەم جۆرەی خوارەوە بێت:

یەکەم:- فەحسی شەکری خوێن بکات بە برسێتی( (FBSواتە لە ١٢ شەوەوە هیچی نەخواردبێت و بەیانیەکەی فەحس بکات ڕێژەی شەکر لە خوێنیدا زیاتر بێت لە 126
دووەم:- فەحسی شەکری خوێن بە بێ خۆبرسیکردن( (RBSواتە ئەگەر نانیشی خواردبێت ئەوکاتە ئەگەر ڕێژەی شەکر لەخوینیدا لە 200زیاتر بو بە شەکرە دادەنرێت
سێیەم:-فەحسی HbA1Cواتە فەحسی سێ مانگیەکە ی بەرزتر بێت لە ((6.5
ئەم ئەنجامانە دوو جار تۆمار بکرێن یان یەکجار تۆمار بکرێن و کەسەکە نیشانەکانی نەخۆشیەکەی هەبێت ئەوکاتە تەشخیس دەکرێت کە نەخۆشی شەکرەی هەیە
Diabetes Mellitus

دەرمانەکانی نەخۆشی شەکرە بەکارهێنان:-

١-نەخۆشی شەکرەی دووەمی.

■گرنگترین و بەرجەستەترین دەرمانەکان:-

| |
|---|
| Metformine (Dialon, Glucophage) |
| Glibenaclamide( Daonil, Glebsyn) |
| Glimepiride ( Glemax, Glorion) |
| Sitgliptin (Januvia) |
| Metformine + Pioglitazone( Acto-plus) |
| Metformine + Repaglinide (prandimet) |
| Metformine + Glimepiride ( Amaryl) |
| Metformine + Glipizide |
| Metformine + Glibenaclamide (Glucovance ) |

■دەرمانەکانی نەخۆشی شەکرە چۆن کار دەکەن:-

Metformine/Decrease↓ Hepatic Glucose Production, ↓Decrease GIT Glucose Absorbtion,↑Increase Target Cell Insulin Sensitivity

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

کاریگەری لاوەکی دەرمانەکانی شەکرە:-

١-سکچوون ٢-دابەزینی ئاستی شەکری خوێن ٣-بێهێزی و لاوازی

٤-ئازاری ماسولکە ٥-کەمبوونەوەی ئاستی ڤیتامین )B12بەتایبەت میتفۆرمین(

٦-التهابی لەوزەتێن ٧-شەکەتی و ماندووی و سەرئێشە

مەرج نیە کاریگەریە لاوەکیەکان هەمووی لە نەخۆشدا دەربکەوێت.

ئەگەر کەسێک ئاستی شەکری خوێنی دابەزێت دەرمانی (گلوکاگۆن یان هایپەرتۆنیک)ی پێ دەدرێت بۆ بەرز بونەوەی ئاستی شەکری ناو خوێن .

نەخۆشی شەکرە چارەسەری بنەڕەتی ناکرێ و تەنها کۆنترۆڵ دەکرێ

□زۆرێک لە خەڵک دەگونجێ نەخۆشیەکەی هەبێت و بەڵام هیچ نیشانەی نەبێت هەتا ئەوکاتەی کە فەحس دەکات و بۆی دەردەکەویت.
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

"وانەی هەژدەم"

## ■*Proton Pump Inhibitors (PPI)s*

### دەرمانەکانی ڕێگری لە پەمپی پرۆتۆنی

■بەکارهێنان:-

١-کەمکردنەوەی ترشێتی گەدە
٢-بۆ چارەسەرکردنی برینی گەدە
٣-بۆ نەخۆشی ( (GERD
٤-بۆچارەسەری(Zollinger-Ellison Syndrome )
٥-دڵە کزە

■چۆن کاردەکەن:-

ڕێگری دەکەن لە دەردرانی(ترشی گەدە) لەڕێگەی بەستران بە هەردوو ئایۆنی(H+,K+)

•suppresses stomach acid secretion by specific inhibition of the H +/K + ATPase system found at the secretory surface of gastric parietal cells. Because this enzyme system is regarded as the acid (proton, or H+) pump within the gastric mucosa

■گرنگترین دەمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە:-

- **Omeprazole**
- **Lansoprazole**
- **Pantoprazole**
- **Rabeprazole**
- **Dexlansoprazole**
- **Esomeprazole**

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

■کاریگەری لاوەکی:-

١-سەرئێشە ٢-دروست بوونی غازات ٣-ئازاری سک
٤-بەد هەرسی ٥-قەبزی

- مەرج نیە هەموو کاریگەریە لاوەکیەکان لە نەخۆشدا دەربکەوێت

■بەگشتی دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە پێویستە نیو سەعات تا سەعاتێک پێش نان خواردن بخورێن.

- دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە کارلێک دەکەن لەگەڵ چەن دەرمانێکی تر بۆیە پێش پێدانی بەنەخۆش گرنگە لێی بپرسرێت کە ئایا دەرمانی تر بەکار دێنێت.
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

"وانەی نۆزدەم"

## Appetite Stimulants

"دەرمانە هاندەرەکان و زیادکردنی ئیشتیهای خواردن"

■بەکارهێنان:-

١-زیادکردنی ئیشتیهای خواردن

گرنگترین دەرمانی زیادکردنی ئیشتیها:-

-Cyproheptadine

سایپرۆهیپاتادین:-لە بنەڕەتدا بۆ حەساسیەتی لەش و لاسەرئێشە(شەقیقە)بەکاردێت،بەڵام ئەگەر هاتوو بۆماوەی دوو هەفتە و زیاتر بەکار بێت اشتهای کەسی نەخۆش بە تەواوی دەکاتەوە.

■چۆن وەردەگیرێت؟

بەشێوەی حەبی (٤ ملیگرامی) بە گشتی ڕۆژیی دوو جار(١٢ سەعات جارێک) تا ئەوپەڕی ڕۆژی سێ جار(٨ سەعات جارێک) پێویستە نیو سەعات تا سەعاتێک پێش نان خواردن وەربگیرێت.

■کاریگەری لاوەکی:-

١-خەواڵووی و گێژ بوون و سەرسوڕان لەزۆربەی هەرە زۆری نەخۆشەکاندا دەردەکەوێت.

٢-هەست کردن بە ماندووی و شەکەتی

٣-لەرزین

**بەگشتی باش نیە هەرکەسێک لەخۆیەوە بەبێ پرس و لەژێر چاودێری(دکتۆری پسپۆڕ یان دکتۆری دەرمانساز ) دەرمان بەکاربێنێت،دەبێت هۆکاری کەمی اشتیهاکە بزانرێت.**

هۆکارەکانی کەمی اشتها زۆرن لەوانە:-

١-لەکاتی دووگیانی

٢-نەخۆشیە درێژخایەنەکانی جگەر

٣-نەخۆشی سییەکان((COPD

٤-برینی گەدە

٥-دابەزینی چالاکی غوددە(غوددەی تەمبەڵ)

٦- هۆکاری دەروونی وەک(دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و نائومێدی و فشاری زۆری ڕۆژانە کاتی تاقیکردنەوەی خوێندکاران و قەیرانی جۆراووجۆر و کێشەی کۆمەڵایەتی و بێکاری..

## ■باشترین ڕێگا بۆ کرانەوەی ئیشتها:-

١-کردنی وەرزش .

٢-ڕێکخستنی ژەمەکان و خواردنیان لە کاتی خۆی.

٣-دوور کەوتنەوە لە خواردنی بڕێکی زۆر لە (ئاو..شیرنی.. بە چەن سەعاتێک پێش ژەمی سەرەکی.

٤-دوور کەوتنەوە لە پاڵکەوتن بە(نیو سەعات) پێش ژەمی سەرەکی

"وانەی بیستەم"

# Laxatives

## ڕەوانکەرەکان

**Constipation drug:** دەرمانەکانی قەبزی

■ بەکارهێنان:-

١-قەبزی و بۆ نەکرانی پیسای

٢-ئەوانەی نەخۆشی مایەسیریان هەیە.

٣-بۆ ئەو نەخۆشانەی ماوەیەکی زۆر لەسەر جێگا دەمێننەوە

٤-لە بەساڵاچواندا

٥-لە پێش نازوڕ و هەناوبینی.

٦-لەکاتی وەرگرتنی دەرمانەکانی چارسەری کرمی ڕیخۆڵە.

■دەرمانەکانی قەبزی دابەش دەبن بەسەر چوار کۆمەڵەدا بەپێی(چۆنیەتی ئیشکردنیان).

1. Bulk Forming Laxative

پیسای نەرم دەکەنەوە و بارستای زیاد دەکەن بەشێوەیەک ئاسان نەخۆش ڕەوان بێت..نمونە(Methyl cellulose)

2. Surfactant Laxatives

Ex/ Glycerine supp

3. Osmotic Laxatives

جوڵەی ڕیخۆڵە زیاد دەکەن و لە ڕێیەوە پیسای دەکەنەدەرەوە..نمونە (Magnesium Salt)

4. Stimulant Laxatives

Ex/Bisacodyl,Senna,Cascara
Castor oil

**دەرمانە ڕەوانکەرەکان بە گشتی:-**

| | | | |
|---|---|---|---|
| Cellulose | Methyl cellulose | Bran | Lactulose |
| Bisacodyl | Glycerol | Glycerin | |

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

تێبینی\ Senna/

پێویستی بە(٨-١٢) سەعاتە بۆ ئەوەی دەست بکات بە ئیش بۆیە واباشترە شەوانە پێش نوستن بخورێت
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

"وانەی بیست و یەک"

# Anti-Histamine

## دەرمانە دژە حەساسیەتەکان:

بە دوو کۆمەڵە باسیان دەکەین:-

### یەکەم/ Histamine-1 Blockers

**بەکارهێنان:-**

| | |
|---|---|
| ١-حەساسیەتی جیوبەکان | ٣-کۆکە |
| ٢-حەساسیەت و خورشتی بەردەوامی لەش | ٤-پژمین و ئاوی لوت |

گرنگترین دەرمانەکان:-

| 1st Genaration | |
|---|---|
| Chlorpheneramine | Tripolidine |
| Clementina | Dimenhydrenate |
| Promethazine | Hydroxizine |
| Cyprohepatadine | |

بەگشتی نەوەی یەکەمی دەرمانەکانی دژە حەساسیەت بۆ حەساسیەتی لەش و دڵ تێکەڵ هاتن لە کاتی سەفەردا و کەم خەوی بەکاردێن وە دەتوانن( B.B.Bی مێشک ببڕن و دەبنە هۆی خەواڵووی.

| 2nd Generation | |
|---|---|
| Fexofenadine | Cetirizine |
| Loratadine | Levocetirizine |
| Desloratadine | |

بەگشتی نەوەی دووەمی دەرمانەکانی دژە حەساسیەت بۆ حەساسیەتی لوت و قوڕگ و پژمین و کۆکە و ئاوی لوت بەکاردێن لە چاو نەوەی یەکەم کەمتر کەمتر دەبنە هۆی خەواڵووی(نەڵێن لۆرتین دەبێتە هۆی خەواڵووی بەگشتی باس دەکەم) وە ناتوانن ( B.B.Bمێشک ببڕن، وە بۆ ماوەیەکی زیاتر ئیش دەکەن لەچاو نەوەی یەکەم.

## دووەم:- Histamine-2 Blockers

دەرمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە (زیاتر ترشێتی گەدە کەم دەکەنەوە)

Ranitidine
Cimetidine
Famotidine
Nizatidine

**لە کاتی دەردرانی هیستامین چی ڕوودەدات؟**

١-ترشێتی گەدە زیاد دەکات و ئازاری گەدە دروست دەبێت.
٢-زەخت نزم دەبێتەوە
٣-لە پێستدا (لیر) دەردەکەوێت و خورانێکی زۆر
٤-تەنگە نەفەسی و گران هەناسەدان دروست دەبێت.
٥-کۆکە و پژمین و فرمێسک و ئاو بە لوتدا هاتنە خوارەوە دروست دەبێت.

چۆن کار دەکەن؟
بەگشتی ئیشی هیستامین بلۆک دەکەن و ناهێڵن دەربدرێت

لە کاتی دەردرانی هیستامیندا کە مادەیەکە حەساسیەت دروست دەکات بەزۆری کاریگەریەکەی لەسەر سێ کۆ ئەندام دەردەکەوێت(کۆئەندامی هەناسە، هەرس، پێست)

"وانەی بیست و دوو"

## Drug Uses in Pregnancy

### بەکارهێنانی دەرمان لەکاتی دووگیانیدا

بەکارهێنانی دەرمان لەکاتی دووگیانیدا تەنیا کاریگەری لەسەر ئافرەتەکە نابێت بەڵکو ئەگەری هەیە بە (وێڵاش-دا) تێپەڕببێت و کاریگەری خراپ لەسەر کۆرپەلە دروست بکات،بۆیە زۆر گرنگە ئافرەتی دووگیان بەبێ پرسی دکتۆری پسپۆڕ و دکتۆری دەرمانساز هیچ دەرمانێک بەکار نەهێنێت.
لە کاتی دووگیانی هەندێک لە دەرمان کاریگەری جۆراوجۆری دەبێت لەسەر دایک و کۆرپەلە هەندێکیان نابێ بەکاربهێندرێن و هەندێکیان سەلامەتە بەکاربهێندرێن .

بۆ ئەوەی دڵنیا ببیەوە لە سەلامەتی دەرمان کە لەوانەیە کەسێکی(نەشارەزا یا کەم ئەزموون یاخود بە هەڵەدا بچێ لە کاتی پێدانی-دەرمان بە ئافرەتی دووگیان ئەوە لە ناو پاکەتی هەر دەرمانێک لیفلێتێک هەیە کە زانیاری تەواوی لەسەر ئەو دەرمانە تێدا نوسراوە ، لە بەشی ئینگلیزیەکە نوسراوە( pregnancy category)کە باس لە بەکارهێنانی ئەو دەرمانە دەکات تا چەند سەلامەتە بۆ ئافرەتی دووگیان و لە ماوەی دوگیانیەکەیدا بەکاری بهێنێت.
بەگشتی بەکارهێنانی دەرمان لە ماوەی(دووگیانیدا) بەسەر پێنج کۆمەڵ دابەش دەبێت بەپێی سەلامەتی و هەبوونی کەمترین کاریگەری هەم بۆ دایکەکە هەم بۆ کۆرپەلەکە.

| | |
|---|---|
| category A | لەو حاڵەتە دەرمانەکە سەلمێندراوە هیچ زیانێکی نیە(فۆلیک ئەسید) |
| category B | ئەو حاڵەتە هێمایە بۆ ئەوەی کە مەترسی هەبووە لە کاتی تاقیکردنەوەی دەرمانەکە لەسەر ئاژەڵ بەڵام ئەوە لە مرۆڤدا بەدی نەکراوە و بێ زیانە |
| category C | تاقیکردنەوەی سەر ئاژەڵ مەترسی دروست کردووە بۆ ئاژەڵەکە بەڵام لەسەر مرۆڤ تاقینەکراوەتەوە ، کاتێک ئەو دەرمانانە بەکار دێن کە پێویست بکا و بەدیل نەبێت . وە سودەکەی زیاتر بێت لە مەترسی . |
| category D | ئەو جۆرەیان مەترسی هەیە لەسەر لە ناوچوونی کۆرپەلە ، تەنها لە حاڵەتی تەواری بەکاردێن بۆ پاراستنی ژیانی دایکەکە وە ئەگەر هیچ بەدیلێک نەبێت بۆ دەرمانەکە |
| Pregnancy category X | بەکارنایەت لە کاتی دووگیانی چونکە زیانەکەی بەراورد ناکرێ بە سوود و ئیستیفادەی دەرمانەکە |

هەندێک لەدەرمانە سەلامەتەکان لەکاتی دوگیانی:-

## یەکەم:-دەرمانەکانی التهابات و دژە بەکتریا

| | |
|---|---|
| Amoxicillin | بۆ التهابی لەوزەتێن،گوێ،لوت.... |
| Cephalexin (Keflex) | بۆ التهاباتی لەوزەتێن،میزەڕۆ.... |
| Cefixime (Suprax) | بۆ التهاباتی میزەڕۆ،لەوزەتێن،گوێی ناوەڕاست.... |
| Nitrofurantoin (ئوڤامین) | بۆ التهابی میزەڕۆ |

## دووەم:-ئازار شکێنەکان

١-پاراسیتامۆڵ(دۆلیپران)/بۆ ئازاری گشتی و دابەزاندنی تای لەش

## سێیەم:-دژە حەساسیەتەکان

(لۆرتین..ستریزین..لیڤۆستریزین)

## چوارەم:-بۆ حاڵەتی کۆکە

کۆکەی وشک(نوقڵی ستریێپسیل لیمۆ+هەنگوین)

کۆکەی تەڕ(ئەو شرووبانەی لە پێکهاتەیاندا گیا سروشتی IVY هەیە)

## پێنجەم:-بۆ دڵ تێکەڵ هاتن و ڕشانەوە دەتوانن زۆر پشت بە دەرمان نەبەستن خواردنی(نانی بۆر یان پسکیتی بۆر) تا ڕادەیەک دڵ تێکەڵهاتنەکە کەم دەکاتەوە یان دەتوانن حەبی ڤیتامین B6 بەکار بێنن

## شەشەم:-دژە ترشێتی گەدە

زانتاک..ئۆمیپرازۆر..دێکسلانسۆپرازۆڵ

## حەوتەم:- بۆ قەبزی

زۆر پشت بە دەرمان مەبەستە بۆ ئەو حاڵەت گرنگی بدە بە خواردنەوەی ئاوی شلەتێن لە بەیانیاندا و خواردنی ئەو خۆراکانەی ڕیشاڵی زۆرە(سێوو..خەیار..قۆخ) یان ئەگەر پێویست بوو دەتوانێت شرۆبی (لاکتولۆس یان قەترەی پیکۆلاکس) وەربگری.

## نۆیەم:-بەرز بوونەوەی زەخت

حەبی-مەثیل دۆپا(ئەلدۆمێت)

## دەیەم:-شەکرەی کاتی دووگیانی

ئەنسۆلین

**تێبینی١\١**

**نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە بەکارهێنانی فۆلیک ئەسید پێش دووگیانی و لەماوەی دوگیانیدا ئەولەویەتە و زۆر زۆر گرنگە هەموو ئافرەتێک بەکاری بێنێت بو دوور بوونی کۆرپەلە لە حاڵەتە نەخوازراوە زگماکیەکان و هەم بۆ دایکەکەش پێویستە.**

**تێبینی١\٢**

**ناتوانن و گونجاو نیە یەکێک لەو دەرمانانەی سەرەوە بەبێ ڕاوێژی(دکتۆری پسپۆڕی ژنان و منداڵبوون یان دکتۆری دەرمانساز) وەربگرن، وە ئەگەر زۆۆر زەرور نەبوو پێوست ناکا دەرمان بەکاربێنن.**

**تێبینی١\٣**

**بۆ ئەوانەی لە بەشە پزیشکیەکان و زانیاریان کەمە دەربارەی دەرمان کاتی دووگیان و فێربوونی دەرمانەکان و دەرمانزانی دەتوانن سوود لە بەرنامەی( (Medscapeوەربگرن و سەلامەتی دەرمانەکان و هەموو شتێک لەسەر دەرمان ڕوون دەکاتەوە**

"وانەی بیستە و سێ "

# Drug Drug Interaction

## کارلێکی دەرمانەکان

هەندێک دەرمان نابێت بەیەکەوە وەربگیرێن لەبەر بوونی کارلێک لە نێوانیاندا و ئەگەری هەیە ئەو دوو دەرمانە کاریگەری یەکتری(زیاد بکەن یان کەم بکەن یان کاریگەری یەکتری نەهێڵن) وە لەوانەیە کاریگەری خراپ لەسەر نەخۆش بەجێ بهێڵن.

گرنگترین ئەو دەرمانانەی کارلێک دەکەن لەگەڵ یەکتری و نابێت بەیەکەوە وەربگیرێن.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Clarithromycin | ⃠ | Simvastatin | | Senna | ⃠ | Digoxin |
| Amlodipine | ⃠ | Simvastatin | | Ibuprofen | ⃠ | Aspirin |
| Metronidazole | ⃠ | Simvastatine | | Lasix | ⃠ | Gentamycin |
| Clarithromycin | ⃠ | Atorvastatin | | Sildenafil | ⃠ | Isosorbide |
| Amlodipine | ⃠ | Atorvastatin | | Omega 3 | ⃠ | Aspirin |
| Statins | ⃠ | Fibrates | | Metformin | ⃠ | Ranitidine |
| Clopidogrel | ⃠ | Omeprazole, esomeprazole, lansoprazole, dexlansoprazol. | | Ceftriaxone | ⃠ | Calcium Gluconate or Ringer lactate |
| Ketorolac | ⃠ | Other NSAIDs | | Isotretinoin | | Doxycycline |
| Spironolactone | ⃠ | potassium chloride | | | | |

زۆر گرنیگە پێش پێدانی دەرمان بە نەخۆش(بە تایبەت بەتەمەنەکان) لێی بپرسرێت ئایا هیچ دەرمانێک بەکاردێنێت ؟! بە تایبەت دەرمانی نەخۆشیە درێژ خایەنەکان.

لە وانەکانی داهاتوو کارلێکی نێوان دەرمانەکان لەگەڵ خواردن و میوەکان ڕوون دەکەینەوە و باسی ئەو دەرمانانە دەکەین کە باشترە لەگەڵ چ خواردن و میوەیەک بخورێت بۆ ئەوەی سودی تەواو لە دەرمانەکە وەربگیرێت.

"وانەی بیست و چوار"

# Beta 2 Agonist

## دەرمانە هاندەرەکانی بێتای ٢

β2 present in : Lung , GIT, Liver

■بەکارهێنان:-

١-تەنگە نەفەسی ٢-التهابی بۆڕیچکە هەواییەکان

٣-نەخۆشی OCPD ٤-نەخۆشی ڕەبۆ

گرنگترین دەرمانەکان:-

Salbutamol

Albuterol

Formoterol

چۆن کار دەکەن:-

Relax Bronchial smooth muscle with little effect on heart

کاریگەری لاوەکی:-

١-سەر ئێشە

٢-دڵە کوتێ

٣-بەرز بوونەوەی زەخت

٤-لەرزین

٥-کەم خەوی

"وانەی بیست و پێنج "

# Psychiatric Drugs

## دەرمانە پەیوەندیدارەکان بە کێشە دەروونیەکان

■بەکارهێنان:-

١- قەلەقی
٢-مەراق و دڵەڕاوکێ
٣-توڕەی و هەڵچوون
٤-ترس
٥-کەم خەوی.
٦-بەکارهێنانی زیاتر......

گرنگترین دەرمانەکان(بەگشتی باسیان دەکەین):-

| | | |
|---|---|---|
| Chlordiazepoxide | Midazolam | Diazepam |
| Maprotilin | Alprazolam | Lorazepam |
| Duloxetine | | Clonazepam |
| Amitriptyline | | |

کاریگەری لاوەکی(بەگشتی):-

١-خەواڵووی
٢-سەرئێشە
٣-بێهێزی
٤-سکچوون
٥-شەکەتی
٦-دابەزینی زەخت
٧-وشک بوونی دەم.
٨-دڵ تێکەڵهاتن و ڕشانەوە
٩-گێژبوون و سەر سوڕان
١٠-کاریگەری لاوەکی زیاتر........

بەبێ ڕێنمای پزیشکی پسپۆڕ هیچ کەس ناتوانێت ئەو دەرمانانە لەخۆیەوە بەکاربێنێت و لە سەیدەلیەکانیش بەبێ وەرەقەی دکتۆر نادرێن بە هیچ کەسێک.

قسەی دکتۆرێکی دەروونی(دەرمانە دەرونیەکان نەخۆش ئاڵودە ناکات و وا لە نەخۆش ناکات پشت پێ بەستراو بێت بە دەرمانەکانی)

"وانەی بیست و شەش"

دەرمانێکی بێدەنگ و زۆر گرنگی نەخۆشخانە (ئەترۆپین)
"ATROPINE"

---

## ئەترۆپین

سەر بەگرووپی دەرمانەکانی
ئەنتی کۆلینێرجیک . (Acetyl Choline Receptor Agonist)

ئەترۆپین بەکارهێنانی زۆرە لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگترینەکان ڕوون بکەینەوە و ئاشناتان بکەین پێیان

### بۆ بووژانەوە:-

بەکاردێت لەکاتی کەمبوونەوەی لێدانی دڵدا(Extremly low Heart Arte)
ئەترۆپین ئیشی (Vagus Nerve) قەدەغە دەکات کە بەشێکە لە پاراسیمپاثەتیک-ئیشی سەرەکی ئەو دەمارە کەمکردنەوەی لێدانی دڵە.

- بەکاردێت لە حاڵەتی ( Asystole) نەمانی لێدانی دڵ
- لە حاڵەتی (Pulseless Electrical Activity) PEA
- لە ٢٠١٠ەوە کەمتر بۆ ئەو دوو حاڵەتە بەکاردێت(Lack Of Evidence)
- لە حاڵەتی 2nd,3rd Degree Heart Block

**Atropine increases firing of the sinoatrial node (SA) and conduction through the atrioventricular node (AV) of the heart**

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

### بەکارهێنانی زیاتر:-

- لە چاو-دا:-
  - فراوانکردنی بیلبیلەی چاو(لە کاتی فەحسی چاو)
  - گرژ بوونی ماسولکەکانی چاو(Ciliary Muscle)
  - بۆ تەڵخ بینین
- بەکارهێنان بۆ کەمکردنەوەی دەردراوەکان:-
  - کەمکردنەوەی دەردراوی لیک(Salivation)
  - کەمکردنەوەی ئارەقەکردن(Hyperhidross)
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

## بەکارهێنانی تر:-

- ❖ ژەهراوی بوون بە مادە ئەندامیەکان:-
- ❖ ژەهراوی بوون بە گازەکانی(سارین،تابوون،سۆمان)
- ❖ لە حاڵەتی بەرککەوتن بە چەکە کیمیاییەکان.

● دکتۆر بڕیاری کۆتای دەدات لەسەر بەکارهێنانی ئەو دەرمانە بۆ نەخۆش

"وانەی بیست و حەوت"

# ORS (Oral Rehydration Salt)

## ئۆ ئاڕ ئێس

لە وانەی ئەوشەودا باسی گیراوەیەکی گرنگ دەکەین کە بۆ منداڵان زۆر گرنگە و بابەتێکە هۆشیاریمان دەربارەی کەمە..

ئۆ ئاڕ ئێس چیە؟!!
گیراوەیەکە پێکهاتوە لە چەند مادەیەک و تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ ئاودا، دەدرێت بەو کەسانەی (بەو منداڵانەی) کە بەپلەی جیاواز وشک بونەوەیان هەیە (کەم، مامناوەند)بەهۆی سکچوون یان ڕشانەو یان هەر هۆکارێکی کە،وە جێگرەوەیە بۆ ئەو ئەلیکترۆلایت و خوێ و مادە کانزاییانەی کە بەهۆی سکچوونەوە لە دەست دەدرێن..

بەگشتی پێکهاتەی(ORS)خوێ و شەکرە:

- Dextrose
- Trisodium Citrate
- Sodium Chloride
- Potassium Chloride

**بۆکێ بەکاردێت؟!**

بۆ ئەو منداڵانەی (سکچون / ڕشانەوەیان) هەیە،باشتر وایە زوو ئەم گیراوەیان پێ بدرێت.. بۆ ئەوەی ڕێ لەوشکبونەوە بگیرێت.

**سوودەکانی ئۆ ئاڕ ئێس :**

١- کەمبوونی پێویستی بە ئاو لە ڕێگەی کانیۆلاوە ٣٣٪
٢- کەمبوونی ڕشانەوە ٣٠٪
٣-کەمبوونی سکچون ٢٠٪

**زیانی لاوەکی نییە..**

**دەتوانن خۆتان درووستیبکەن لە ماڵەوە:**

٥ کوپ ئاو (١ لیتر) + ٦ کەوچکە چا (شەکر) + نیو کەوچکە چا (خوێ)

**بڕەکەی:-**

**١ کیس دەکرێتە ناو ١ لیتر ئاو(دوو دەبەی سەرشین)**

**منداڵی شیرەخۆرە (خوار ١ ساڵ):**
**١ ڕەقەم لە کاژێرێکدا بە سرنج >> تا ٤ کاژێر.**

**منداڵی پێ گرتە (١-٣ ساڵ):**
**٢ ڕەقەم لە کاژێرێکدا بە کە وچک >> تا ٤ کاژێر.**

**منداڵی گەورەتر (سەروو ٣ ساڵ):**
**٣ ڕەقەم لە کاژێرێکدا بە کوپ >> تا ٤ کاژێر.**

**هەر کیسێکی گیراوەی( ئۆ ئاڕ ئێس) تا ماوەی ٢٤ سەعات بەکار دێت و لەوماوە تێپەڕی دەبێت فڕێ بدرێت و نەخورێت.**

"وانەی بیست و هەشت"

وانەی ئەوشەو باس لە لێکۆڵینەوەی دەرمانێک دەکەین کە دەبێتە هۆی نەخۆشیەک بە تایبەت لە ئافرەتاندا...

چەند سەرچاوەیەک و لێکۆڵینەوەیەک هەیە دەربارەی ئەوەی حەبی (ئیبوپرۆفین) دەبێتە هۆی کیسی هێلکەدان لە خانماندا..

## ئیبوپرۆفین و کیسی هێلکەدان (PCOS)

■لێکۆڵینەوەی پزیشکی بەردەوامە لەدۆزینەوەو دەرخستنی نەخۆشیەکان و هۆکاری نەخۆشیەکان و چارەسەریان، یەکێکی تر لەدۆزینەوەکان لەبواری پزیشکی و نەخۆشیەکانی (خانمان و ئافرەتان) بە تایبەتی، بەکارهێنانی حەبی ئازار شکێنی( ئیبوپرۆفینە )بۆ ئازاری سوڕی مانگانە کە ئەگەری تووشبوون بەکیسی هێلکەدان زیاد دەکات، لێکۆڵینەوەکە لەسەر زیاتر لە (٩٠،٠٠٠ )کچ و ئافرەت کراوە بە تایبەت ئەوانەی لە تەمەنی(١٠-١٩) ساڵیدا ئەو حەبەیان وەکو ئازارشکێنێک بۆ سوڕی مانگانە بەکار هێناوە بۆ ماوەی (٢-٥)ساڵ دەرکەوتووە ئەگەری تووشبونیان لە ئێستادا و لە داهاتوو بە کیسی هێلکەدان زیاترە لەچاو خانمانی تر...

## بزانین ئیبوپرۆفین چیە وادەبێتە هۆی ئەو نەخۆشیە ؟!

## ئیبۆپرۆفین چیە؟

دەرمانی ئازارشکێن و دژە هەوکردنی ناستیرۆییدیە، لەترشی پرۆپیۆنیک وەرگیراوە سەر بەکۆمەڵە دەرمانی NSAIDە

لەساڵی ١٩٦١لەلایەن د.ستیوارت ئادەم دروستکراو یەکەم بەبازاڕکردنی لە ژێر ناوی Brufen بوو.

## بەکارهێنانەکانی چیە؟

- وەکو ئازارشکێن بۆ نەهێشتنی ئازار(ئازاری کەم تا ئازاری مامناوەند)
- وەکو دژە هەوکردن بۆ هەوکردنی(جومگە، ڕۆماتیزمە، هەوکردنی پەردەکانی دڵ Pericarditis.

## ئیبوپرۆفین چۆن کار دەکات؟

- وەکو ئازار شکێن(ڕێگری دەکات لەدروستبوونی ئەنزیمی cyclooxygenase-1,2 & COX-1,2وە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی پرۆستاگلاندینەکان کە ئازار دروست دەکەن لەلەشدا.

- وەکو دژە هەوکردن(ڕێگری دەکەن لە پرۆسەی Chemotaxisوە ڕێگری دەکەن لەگۆڕینی چالاکی لیمفەخانەکان و تۆپەڵ بوونی نیوترۆفیل، وە کەمکردنەوەی Pro-inflammatory Cytokine Levels

## ■کاریگەریە لاوەکیەکانی چیە؟

●ناڕەحەت هەرسکردنی
خواردن، ڕشانەوە، دڵەکزێ، سکچون، دابەزینی کالسیۆمی لەش، دابەزینی شەکر، کەمخوێنی، خوێنبەربوونی گەدە، PCOS.

## ■بۆ کێ بەکار نایەت؟

١. قورحەی مەعیدە((PUD))
٢. حساسیەت بە ئیبوپرۆفین و هەر NSAIDیێک.
٣. ئەو منداڵانەی نەخۆشیە زگماکیەکانی دڵیان هەیە((CHD))
٤. ڕەبۆ، تەنگە نەفەسی، نەخۆشیەکانی گورچیلە و جگەر.
٥. ئافرەتی شیردەر و دووگیان.

## لەگەڵ چی کارلێک دەکات؟

- لەگەڵ دەرمانیMoclobemideکارلیک دەکات و دەبێتە هۆی خوێنبەربوونی گەدە.
- لەگەڵ Warfarinکارلێک دەکات و خوێن بەربوونی گەدە ڕوودەدات.
- کاریگەری ئەسپرین کەمدەکاتەوە ئەگەر هاتوو وەکو دژە خوێن مەیینێک درا بە نەخۆش.
- لەگەڵ Lithium&Methotrexateکاریگەری ژەهراوی دروست دەکات.وا باشترە ئیبوپرۆفین بەکار نەیەت و لەبری ئەو دەتوانن حەبی(پۆنستان (میفینامیک ئەسید)) بەکار بێنن.

ژێدەر:

www.eahealthme.com
ژێدەر:
Quick Rx plus
Medscape

"وانەی بیست و نۆ"

لەو وانەیەدا باسی کارلێکی چەن دەرمانێک لەگەڵ شەربەتی میوەکان و سوودی چەن میوەیەکی سروشتی دەکەین کە دەتوانن سودی لێ ببین و زۆر پشت بە دەرمان نەبەستن.

یەکەم/حەبی ئاتۆرڤاستاتین و سیمڤاستاتین کە بۆ دابەزاندنی ئاستی چەوری خوێن بەکاردێن وا باشترە لەگەڵ شەربەتی مێوژ نەخورێت و بەکار نەیەت.

Grapefruit juice inhibit the enzyme Cytochrome P450 3A4 which metabolised the Statins.

دووەم/شەربەتی توترِک(کرانبێری) واباشترە لەگەڵ هەر یەکە لە (وارفارین کە خوێن کاڵ دەکاتەوە) و (فێنتۆین کە بۆ گەشکە بەکاردێت) بەکار نەیەت.

Cranberry juice inhibit the enzyme Cytochrome P450 2C9 which metabolized warfarin and Phenytoin.

In both cases drug metabolism is reduced and Increases the toxic effects.

سوودی چەند میوەیەک:-

خەیار/خەیار ترشی یوریک ئەسید دەتوێنێتەوە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی بەردی گورچیلە.

خۆخ/خۆخ ڕەوانکەرە و بەهۆی بوونی پێکهاتەی تفتی سروشتی تێییدا هەریەکە لە گورچیلە و میزەڵدان خاوێن دەکاتەوە.

سێو/سێو ئاستی میزکردن زیاد دەکات و جگەریش خاوێن دەکاتەوە

لیمۆ/نیعمەتە بۆ ئەو پەتا و هەڵامەتە،ڤیتامین Cزۆرە و یارمەتی دروست بوونی کۆلاجین دەدات کە پێست جوان و شێدار دەکات و بۆ ئەوانەی حەبی فۆلیک ئەسید بەکاردێنن دەتوانن سودی لێ ببینن .

"وانەی سی"   کۆتایی

Maximum Dose

یەکێکە لەگرنگترییییین وانەی کۆرسەکەمان کە باس لە ماکسیمەم دۆسی باوترین دەرمانەکان دەکەین(تکایە چاک بیزانن).

- تا چەند میلیگرام ڕێگە پێ دراوە دەرمانەکە بخۆم لە ماوەی (٢٤) سەعات دا ؟!
- نابێ لەچەند گرام یان میلیگرام زیاتر بەکاربێنم لە ماوەی(٢٤) سەعات دا ؟!

- Maximum dose of **Paracetamol** is→ 4000 mg daily
- Maximum dose of **ibuprofen** is→ 3200 mg daily
- Maximum dose of **Ketoprofen** is →300 mg daily
- Maximum dose of **Meloxicam** is →15 mg daily
- Maximum dose of **Diclofenac** (**K, Na**)→200mg daily
- Maximum dose of **Indomethacin**→300 mg daily
- Maximum dose of **Naproxen** is →1500 mg daily
- Maximum dose of **Piroxicam** is→ 20 mg daily.
- Maximum dose of **Ketorolac** if (IV, IM) →120 mg and if orally is →40 mg daily
- Maximum dose of **Celecoxib** is →400 mg daily
- Maximum dose of **Azithromycin** 500 mg daily

( ٢٠١٨ \ ١ \ ٨ ) - ( ٢٠١٧ \ ١٢ \ ٩ )




Facebook\ Ismail sleman

Viber: 0751108778

Facebook \ Muhammad Nabe

ئامادەکردنی :

اسماعیل سلێمان

محمد نبی حسن